# هەموو شوێنێک، شوێنی ماسییە

فەرۆخ نیعمەتپوور
(نەرویج)

سەمای ئاو لەسەر شووشەکان دەیگوت لە دەرەوە، لەو دیو شووشە نیوە تەماوییەکانەوە باران دەبارێ. ئاه باران! بۆ جارێکیش بێت، چاوی هەڵنەبڕی تا ئەو دیوی سەمای دڵۆپەکان بکەوێ و شایی باران لە خەڵوەتی حەوشەکەی پشتەوەیان ببینێ. هەموو شتێک تێکچڕژاوی دڵۆپەکان و خەملێن و لارولەنجەی جۆبارە گچکەکانی سەر تەمی شووشەکان بوو!

ساڵی پەنجاوشەشە ناوەڕاستی پایزێکی تووش. پایزی ئەمساڵ بەس بە زمانی باران دووا! نە هەتاو بینرا و نە هەورەکانیش بۆ ساتێک لە چپە کەوتن. گەڵا زەرد و پیرەکان تەنیا بەدەم بارانەوە و لەگەڵ باران نیشتنە سەر زەوی.

دوای چەندین ڕۆژ لێخوردبوونەوە لە سەمای ئاو، تامەزرۆی بینینی ئاسمانی کرد. سەما نەیدەهێشت سەر هەڵبڕێ و لە پشت پەنجەرەکانەوە سەیری ئاسمان بکا. دەستی برد بۆ بارانییەکەی و پێڵاوی هەڵکێشا. دایکی دەنگی دا:

– بارانێکی بەخوڕە، نەچیتە دەرەوە، نەخۆش دەکەوی!

پاسکیلەکە لەژێر خان چاوەڕوانی دەکرد. بەدەم هەڵکێشانی زیپی بارانییەکەیەوە، گوتی:

– باران کێی نەخۆش خستووە تا من نەخۆش بخات؟

– دەرەوە ساردە، کە تەڕبووی نەخۆش دەکەوی.

حەزی بە سەمای دڵۆپەکان بوو لەسەر ڕوخساری لەسەر جەستەی، حەزی لە پیاسەی ناو گەڵا بوو.

– خۆم گەرم داپۆشیوە، نە تەڕ دەبم و نەسەرمام دەبێ... زوو دێمەوە.

ڕۆیشت. گوێی لە دایکی بوو...

– لانیکەم پاسکیلەکەت نەبەی، زۆریش دوور مەکەرەوە!



چەند مانگێک لە کڕینی پاسکیلەکە تێنەدەپەڕی. پاسکیل، مەودای کۆڵانەکەی پێبڕیبوو. ئاودیوی سنووری کۆڵانەکەی خۆیانی کردبوو. ڕۆژانەوە کە لە قوتابخانە دەهاتەوە، سواری دەبوو و دەگەڕا. سەرەتا نەیدەوێرا زۆر دوور کەوێتەوە. هەر جارە و کۆڵانێک واوەتر... دواتر گەڕەکێک ئێستا ئیتر دەیزانی گەڕەکەی سەر تەپۆڵکەکەی ئەوبەری شار چۆنە و چییە. لەوێوە هەموو شار دیار بوو. لەوێوە دنیا چەند جوان بوو! ئەم چەند بەرز ڕادەوەستا و شاریش چەند نزم ڕادەکشا! تەنانەت کێوەکانی دەوروبەری شاریش چەند ڕوونتر و بەهەیبەتتر خۆیان دەنواند. دەڵێی سینگی بە سینگی وانەوە دەنا و لێک دەگرژان و مۆڕ دەبوونەوە.

حەزی لە بینینی شاری نوقمی باران لە گردەکەوە بوو. ئارام دەرگای کردەوە. خۆی دایە ژێر گوێسوانەکە. چ بارانێکی بە لێزمە! کۆڵان چۆڵ بوو. کەس ڕانەدەبرد.

پلووسکەکانیش بە گەروویان ئاوازی ئاویان دەچڕی.

سەرەتا باران تەگەری پێشەوەی پاسکیلەکەی تەڕ کرد، ئەوجار خۆی. کە یەکەم ڕکابی لێدا، گوێی لە دەنگی خوساوی باڵەکوتەی کەڵەشێرێک بوو. لای نەکردەوە، بەڵام زانی ئەو کەڵەشێرە خەریکە بە لاچاو تاقە ڕێبواری ناو کۆڵانەکە بەڕێ دەکا. ڕۆیشت. کۆڵانی یەکەم و دووهەمی بڕی، گەیشتە ڕیزە دارەبی و دارچنارەکانی کۆڵانی سێیەم، کۆڵانێکی تەژی لە گەڵا. دابەزی و پاسکیل بە دەستەوە ئارام بە ناویاندا هەنگاوی هەڵگرت.

هەورە تریشقەی دەدا. دار دەلەرزی و گەڵا دەوەری. چەند بارانێکی بەلەزەت! نە ڕێبوارێک دیار بوو و نە سرتە و چپەیەک لە ماڵانەوە. تەنیا باران و ئەم، یان ئەم و باران!

بە گوێی گچکە چۆمەکەدا داگەڕا. درەختەکان بەجوانی مەودای بینینی ئاوەکەیان نەدەدا. تەنیا جار جارە لێرە و لەوێ لە ناو لق و گەڵاکانەوە کەفوکوڵی لێڵی ئاوەکەی دەبینی. ئاو دەڕۆیشت و ڕێبوارانی گەڵای لەگەڵ خۆی کۆڵکێش دەکرد. کتوپڕ لە ناو لق و پۆپەکانەوە بزاوتنی شتێک سەرنجی ڕاکێشا. ڕاوەستا. ڕاما. شتەکە بۆ جارێکی تریش جووڵا. جووڵەکە دەڵێی سپی بوو. ڕەنگ سپی. بچێ، نەچێ! سەیرێکی ئەمسەراوسەری کۆڵانەکەی کرد. کەس بە دەرەوە نەبوو. پاسکیلەکەی دانا و ئارام بەرەو ناو دارەکان ڕێی کرد. کە نزیک کەوتەوە، جووڵە نەما. بترسێ، یان نەترسێ؟ حەزی زانینی ئەودیوی دیواری درەختەکانی کرد. ئاه چ جەستەیەکی زەلام! ماسییەک بە قەدەر زەلامێک! ڕاوەستا. زیاتر بچێتە پێشەوە، یان نا؟ ماسییەکە چاوی لێکنابوو، بەڵام هەستی کرد هەناسە دەدا. نە گچکە چۆمێکی وا ماسی وای هەڵدەگرت و نە... خەونیشی دەبینی. هەنگاوێکی دی نزیک کەوتەوە. کلکی ماسییەکە ئارام جووڵا. ئەوسا چاوی هەڵێنا. چاوێکی غەمگین و تەڕ و گەش لێکڕامان. کتوپڕ دەنگێک:

– ڕێگایەکی دوورم بڕیوە، ماندووم!

باوەڕی نەکرد، بەڵام چەند خێرا باوەڕی گۆڕا.

– لە کوێوە هاتووی، لە دەریاوە؟

– ئا، لە دەریاوە.

– ئاوی ئەم چۆمە ئەوەندە زۆر نییە تۆ هەڵگرێ و بتهێنێ.

– لەگەڵ باران هاتووم.

– لەگەڵ باران؟

– لەگەڵ باران.

پێی سەیر بوو. وەکی بڵێی ماسییەکە بەمەی زانیبێ. بۆیە گوتی:

– ئەمساڵ ئەوەندە باران دەبارێ کە ماسییەکان دەتوانن تێیدا هەناسە بکێشن و سەفەر بکەن!

سەری هەڵبڕی و سەیری ئاسمانی کرد. ئەوسا بیری گچکە جۆگەکانی سەر شووشەی پەنجەرەکان کەوتەوە. سەیرێکی ئەم لاولای خۆی کرد.

– هەر تۆی، یان ماسی ترت لەگەڵدان؟

ماسییەکە زەردەخەنەیەکی لێدا و گوتی:

– نازانی ماسییە گەورەکان بە تەنیا سەفەر دەکەن؟

بیری کردەوە گەر قەرار بێ ماسییە گچکەکان لەگەڵ جۆگەی باران بێن شار پڕ دەبێ لە ماسی. ماسییەکە گوتی:

– خەفەت مەخۆ، ماسییە گچکەکان جارێکە لەگەڵ باران سەفەر ناکەن.

– بەڵام گەر وا بڕوا، ئەوانیش دەیکەن، ئەوسا خوا دەزانێ چ دەقەومێ. لە پایزەکانی دی دەترسم!

– ئا، ڕەنگە لە ساڵێکی ترەوە مرۆ و ماسی پێکەوە بژین.

– ئا ، ئەجار ڕەنگە چۆن ئێوە لەگەڵ باران دێن، ئاوا ئێمەیش لەگەڵ باران بڕۆین.

بێدەنگی. ماسییەکە چاوی لێکنا. ئەم گوتی:

– دوای ئەوەی باران تەواو بوو چ دەکەی؟

– نازانم، ڕەنگە بەقەد تەمەنی باران بژیم.

ئەمیش بیری کردەوە: «ڕەنگە ئەو مرۆڤانەش کە لەگەڵ باران دەڕۆن.» ئەوسا گوتی:

– دەمـویست بچم بۆ تەپۆڵکەکـەی ئەوبەر شـار، بۆ بینینی شاری نوقمی باران.

– ئا ، بێگومان لەوێوە باشتر چاوت بە جۆگە و چۆمی باران دەکەوێت.

شتێک لە دەروونیدا تا دەهات پتر بێ ئۆقرەی دەکرد. دایکی گـوتبـووی زوو وەرەوە، هەر ئەو کـاتیش ئەم زانیبووی کە باران ناهێڵێ. ماسییەکە گوتی:

– ئیـتر بڕۆ، من، یان لەگەڵ تەواو بوونی باران لێرە دەمرم، یان دیسان لەگەڵ باران سەفەر دەکەمەوە. خەمی منت نەبێ. ئێستا ئیتر هەموو شوێنێک شوێنی ماسییە. بڕۆ!

کە لە درەختـەکان هاتە دەرەوە و سواری پاسکیلەکەی بوو، هەستی کرد شار زیاتر لە هەر کاتێکی دی بێدەنگ و کپی بارانە. بە پەلە ڕکابی لێدا و بەرەو گردەکەی شار بەڕێ کەوت. ماندوویی و ئارەقە و باران. قەت ئەوەندە تامەزرۆی ئەو تەپۆڵکەیە نەبوو.

گـەیشت. پاسکیلەکـەی لە شـوێنێ ڕاگـرت. خـۆی گەیاندە قەراغ، ئەو شوێنەی کە حەزی فڕین، یاخود ترس جەستەی مرۆ لێوڕێژ دەکا. ئەوسا کتوپڕ وێنەیەکی بینی، وێنەیەک کـە لەناو مـژ و تۆزی باراندا بزر دەبوو و نەدەبوو، وێنەی هەزاران مـرۆڤ کـە لەگـەڵ باران هەڵدەکشان و هەزاران ماسی کە لەگەڵ باران دادەکشان.

**٢٠٠٧/٨/١٢**